# تیۆری میتافۆری چەمکیی لە کۆدی شیعرییدا
# نظرية الاستعارة المفهومي في الرمز الشعرية

تریفە عومەر ئەحمەد[١]، محەمەد کەریم ئەحمەد[٢]
[١] بەشی وەرگێران، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: trifa.ahmed@univsul.edu.iq

## پوختە:

بەکارهێنانەوەی بیرۆکە میتافۆرییە ڕۆژانەییەکان لە شیعردا، یەکێکە لە گریمانەکان لە چوارچێوەی تیۆری میتافۆری چەمکیدا، بەجۆرێك شاعیر بە پێکهاتەی فەرهەنگی و کۆدی جیاواز، وێنای جیهان و دەوروبەری دەکات و بیرکردنەوەکانی بە وێنە میتافۆرییەکان بەرجەستەدەکات، پەیوەست بەمە لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر چۆنێتی بەرهەمهێنانی میتافۆرە چەمکییەکان لە کۆدە شیعرییەکاندا کراوەو تیایدا جەخت لە چۆنێتی بەستنەوەی چەمکە جیاوازەکان کراوەتەوە، بۆ ئەمەش بایەخ بە شیکارکردن و شرۆڤەکردنی هەردوو مەودای سەرچاوە Source Domain و مەودای مەبەست Target Domain دراوە، بەپێی تیۆری میتافۆری چەمکیی مەودای سەرچاوە دەبێتە بنەمایەك بۆ ڕوونکردنەوەی مەودای مەبەست، کە چەمکە میتافۆرییەکەیە، چونکە بەگشتی مەودای سەرچاوە هەڵگری زۆرترین کۆزانیاریی دونیاییەو کۆنکرێتییە، بەهۆیەوە چەمکە ئەبستراکتەکان کە تێگەیشتنیان بۆ قسەکەر ئاسان نییە، پۆلێندەکرێن و ڕووندەکرێنەوە. لە توێژینەوەکەدا بە وەرگرتنی نموونەی شیعریی، کۆدە شیعرییەکان بەپێی جۆرەکانی میتافۆری چەمکیی هەروەك (میتافۆری وێنەیی، میتافۆری ئاراستەیی، میتافۆری بونگەراو میتافۆری دروستەیی)، پۆلکراون و پەیوەست بە هەردوو مەودای سەرچاوەو مەبەستەوە، کۆپلە شیعرییەکە لە دەرخستنی دوو کۆدی شیعرییدا کورتکراوەتەوەو بەهۆیەوە بەستەری ئاوەزمەندێتی نێوان هەردوو مەوداکە لە شیعری کوردییدا خراوەتەڕوو.

**کلیلە وشە:** میتافۆری چەمکیی، میتافۆری بونگەرا، میتافۆری دروستەیی، میتافۆری ئاڕاستەیی، میتافۆری وێنەیی، کۆدی شیعریی.

## ملخص:

إن استخدام فكرة الاستعارات المفهومی في الشعر، هو إحدى الفرضيات الماثلة في إطار نظرية الاستعارة المفهومية، حيث إن الشاعر، ومن خلال المكوّنات المعجمية والرموز المختلفة، يصور العالم وما يحيط به، كما يجسد أفكاره من خلال انواع الصور الاستعارية، وعلى هذا، ففي هذه الدراسة، قام الباحث بالعمل على كيفية انتاج الاستعارات المفهومية في الرموز الشعرية، وقد ركز على كيفية ترابط المفاهيم المتشتية. ومن أجل ذلك فقد عني بالتحليل وشرح كل من مجالي المصدر والهدف، وفق نظرية الاستعارة المفهومية، سيصبح مجال المصدر اساسا لتوضيح مجال الهدف. إذ إن المفهوم الاستعاري، رغم أن مجال المصدر عموماً يحمل في طياته أكثر معارف الدنيا وهي رصينة، فإنه سيتم تصنيف وتوضيح المفاهيم المجردة التي لم تكن فهمها سهلا بالنسبة للمتكلم، وذلك عن طريق الاتيان بنماذج شعرية، فقد تم تصنيف

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە: گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10430 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/١٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٢٢ \| ڕێککەوتی بلاوکردنەوە: ٢٠٢٢/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | trifa.ahmed@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بلاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ پ.ی.د.تریفە عومەر ئەحمەد، محەمەد کەریم ئەحمەد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

الرموز الشعرية حسب انواع الاستعارات المفهومية مثل: الاستعارة التصويرية(الخيالية)، الاستعارة التوجيهية، الاستعارة البنيوية، والاستعارة التركيبية، مترابطة بكلا مجالي المصدر والهدف، وقام الباحث بحصر المجموعات الشعرية في ابراز كلا الرمزين الشعريين، وبسبب ذلك عرض الترابط العقلي بين كلا المجالين في الشعر الكوردي.

**الكلمة المفتاحية:** الاستعارة المفهومية، الاستعارة البنيوية، الاستعارة التركيبية، الاستعارة التوجيهية، الاستعارة التصويرية/الخيالية، الرمز الشعري.

**Abstract:**

Common conceptual metaphors are used in poetry, as part of the conceptual metaphor theory, that enables poets to express their poetic images and depict their world through a mixture of language and cultural codes. This study is an attempt to show how conceptual poetic metaphors are illustrated in Kurdish poems by analysing source and target domains. According to the theory, the target domain which is the metaphor emerges from the source domain, that is generally the source of our common knowledge of the world. This leads speakers and listeners to easily categorise and make sense of the abstract terms. In this research, samples of poems were analyzed and categorized according to four types of conceptual metaphors such as imagistic, orientational, ontological and structural. They were also given two codes in reference to both aforementioned domains. Therefore, the Mapping between the two sources in the literary samples was observed and shown in the present paper.

**Key words:** conceptual metaphors, ontological metaphor, structural metaphor, orientational metaphor, imagistic metaphor, poetic codes.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی (تیۆری میتافۆری چەمکیی لە کۆدی شیعریدا) یە، بە دوو بەش خراوەتەڕوو، بەجۆرێك لە بەشی یەکەمدا تیۆری میتافۆری چەمکیی و جۆرەکانی میتافۆری چەمکیی ڕاڤەکراوەو بەشی دووەمیش بە شیکردنەوەی کۆدە شیعرییەکان بەپێی تیۆرییەکە تایبەتکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ هەر کۆدێکی شیعریی هەریەك لە مەودای سەرچاوەو مەودای مەبەست دیاریکراوە، پاشان بەپێی مەودای سەرچاوە، پاساودان بۆ مەودای مەبەست هێنراوەتەوەو نموونەکان شرۆڤەکراون، بەهۆیەوە درکپێکردنی تێڕوانینی میتافۆریانەی شاعیر بەرجەستەکراوە.

کێشەی توێژینەوەکە لەو پرسیارانەدا چڕدەکرێتەوە، کە ئایا بەپێی میتافۆری چەمکیی، شاعیر وەك ئاخێوەری کورد، هاوچەشنی قسەی ڕۆژانە، تا چەند جارێکی دیکە چەمکی میتافۆریی لە کۆدە شیعرییەکاندا، بەرهەمدەهێنێتەوە، هاوکات ئایا کۆدە شیعرییەکان وەك کەرەستەیەکی درکپێکراو کاریگەری لەسەر ئاوەزمەندێتی فەرهەنگی تاك دەبێت، بەو واتایەی ئایا بەهۆی چەمکە میتافۆرییەکانەوە، یەکەی فەرهەنگی بونیاتدەنرێت؟ لێرەشەوە گرنگیی توێژینەوەکە لە کردنە بنەمایەك بۆ لێکۆڵینەوە لە مەودای بیرو زماندا بەرجەستەدەکرێت.

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (شیکاری درکپێکراوانە) لە ڕاڤەکردنی کۆدە شیعرییەکاندا گیراوەتەبەر، بۆ هەر کۆپلە شیعرێك بەپێی هێمای (ا ، ب) کە مەودای سەرچاوەو مەبەستە، پەسنی کۆدەکان کراوەو بەپێی تیۆرییەکە پەیوەندیی میتافۆریانەی هەریەك لە (ا ، ب) خراوەتەڕوو، بەمەش ئەنجامی توێژینەوەکە لە دوو پێی سەرەکی فەرهەنگی و پرۆسەی تێگەیشتن لە چۆنێتی بەستنەوەی مەودا جیاوازەکاندا خراوەتەڕوو. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

